# سافی لە نێوان بینینی ئاوەز و بینینی دڵدا

م. بۆتان لەتیف عەبدولقادر[1]　　　د. هبة الله محمدشفیع رسول[2]


## پوختەی توێژینەوە

سافی یەکێکە لە شاعیرە ناودارەکانی بواری عیرفان و تەسەوف، لە شیعرەکانیدا ئەدگار و وێنای باڵای لەخۆگرتووە، لە پەیبردن بە خواناسی و ڕووچوون لە عیشقی خودایدا. لەم توێژینەوەیدا هەوڵ ئەدەین کە خۆشەویستی خودایی لە شیعرەکانیدا پێشان بدەین، لە دوو وێستگەی مەعریفی وعیرفانی جیاواز و پەیوەست بە یەکتر، ئەمەش لەسەر بنەمای تێڕوانینی شاعیر لە هەردوو باری بینینی ئاوەزی و بینینی دڵیدا. توێژینەوەکە پێکدێت لە دەروازە و دوو تەوەرە، لە دەروازەدا چەمکی بینین لە عیرفاندا ڕووندەکەینەوە، هەرچی تەوەرەی یەکەمە باس لە **بینینی ئاوەزی و دڵی لەنێوان هۆش و یادگەدا**، دەکات.بەڵام لە تەوەرەی دووەمدا **هەست و هەڵوێست وەک پاڵنەری هۆش لە نێوان بینینی دڵی و بینینی ئاوەزی** دەخەینەڕوو، لە کۆتاییدا دەرەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا دەخەینەڕوو.

**وشە کلیلەکان:** (ئاوەز، عیرفان، بینین، دڵ، هۆش، هەڵوێست، یادگە، هەست، سافی).


---

[1] زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر.کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە. ئیمێل: botan.abdulqadir@su.edu.krd

[2] د.هبةالله محمدشفیع رسول، زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، کۆلێژی پەروەردە- شەقڵاوە
ئیمێل: hebatullah.rasool@su.edu.krd

**پێشەکی:**

گومانی تێدا نییە کە، قسەکردن لەسەر گوتاری سۆفیانە، ئارامی و تێگەیشتن و پشوودرێژی دەوێت، چونکە دەقی سۆفیانە دەقێکی چڕ و ئاڵۆزە و، پڕە لەهێما و ئاماژە و واتای نادیار، بۆ ئەم مەبەستە دەبێت توێژەر یاخود خوێنەر بە کەرستە و ئامرازی تایبەت بەخۆی خوێندنەوە بۆ ئەم دەقە بکات و، لەم ڕوانگەیەوە شیکاری بکات.

بینین، وەک زاراوەیەکی سۆفیانە، سەرچاوەدەگرێت لەو هزر و ئاوەز و دڵەی، کە وەک ڕێنوێنیکار خودی سۆفی پێوەی پەیوەست دەبێت، تاکو بتوانێت دیوی ئاشکرای شتەکان و دیار و ڕۆنەکان ببڕێت، تا بگاتە جیهانی نادیار و ناڕۆشن، لەپێناو گەیشتن بە ئامانجەکەی کە ڕاستی و خودایە.

لەم توێژینەوەیەدا؛ هەوڵدەدەین قسە لەسەر بینینی ئاوەزی و بینینی دڵی بکەین لەلای سافیی شاعیری عیرفانی و سۆفی، هەرچەندە سافی(کاک مستەفای کوڕی عەبدوڵڵای هیرانی ١٩٧٣-١٩٤٣ز)؛ لە ڕووی سۆفیگەرییەوە لە بنەماڵەی کاکی هێرانە، کە ڕێبازی سۆفیانەیان ڕێبازی قەدرییە، لەم ڕێبازەشدا؛ دەروێش و تەکیە ئامادەییێکی باڵا و بەرچاویان هەیە، نەک خانەقا و سۆفی، بەڵام کەدەقە شیعریەکانی سافی دەخوێنیتەوە؛ ئەوەت لە لا ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە مەشرەب و ڕێوازی ئەم شاعیرە لە ڕێبازی نەقشبەندی و شێخی ئیشراق (سوهرەوەردی)، بزەی مۆسیقاریی (نای) مەولانایی زۆر نێزیکترە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیر زۆر کاریگەرە بە شیعرەکانی نالی و مەحوی و بێخود و ناری و وەفایی و.. تاد، هەروەها، چونکە سەرچاوەی ئەم شاعیرانە ڕێبازی سۆفییانەی نەقشبەندی و سوورەوەردی و مەولانایییە (جەلالەدینی ڕۆمی و مەولانا

خالیدی شارەزووری)، هەروەک بینین و جیهانی ئەمان فراوانتر و بەبوارتر و تێرترە لەعیشق و خۆشەویستی و، ئەو بینینەی ڕێکارێکە بۆ دەربازکردنی دیوی دیاری بوون و هەبوون بەرەو دیوە نادیار و پەنهانەکە، لەپێناو گەیشتن بە خودی خوداو ڕاستی.
پلانی توێژینەوەکەشمان؛ بەم شیوەیە داڕشتووە کە، پێکدێت لەدەروازە و دوو تەوەرە، لە دەروازەدا چەمکی بینین لە عیرفاندا ڕووندەکەینەوە، هەرچی تەوەرەی یەکەمە باس لە **بینینی ئاوەزی و دڵی لەنێوان هۆش و یادگەدا**، دەکات. بەڵام لە تەوەرەی دووەمدا **هەست و هەڵوێست وەک پاڵنەری هۆش لەنێوان بینینی ئاوەزی و بینینی دڵی** دەخەینەڕوو، لە کۆتاییدا دەرەنجامی توێژینەوەکەمان لە چەند خاڵێکدا پیشاندەدەین.

## دەروازە: چەمکی بینین لە عیرفاندا

بینین؛ بەشێوەیەکی گشتی واتا دیتنی هەر شتێک بەچاوی سەر، یان بە چاوی دڵ، هەروەک لەفەرهەنگی زمانی عەرەب (لسان العرب)دا هاتووە، بینین واتا "دیتن بەچاو و دڵ"(ابن منظور،...، ٦٢). هەرچی بینینە لەلای سۆفی بە واتای پێگەی سۆفی دێت، پێگەیەک کە گەیێنەری نێوان سۆفی شتەکانە، کە بێدەنگی تێدا نیە، هەروەها بە واتای دیتنی خودای گەورەیە لە هەموو شتێکدا، هەروەها بە واتای یادی خودا دێت لە هەمان کاتدا (النفري، ٢٠٠٧، ٥١،٥٠). لە ڕاستیدا؛ "جیهانی سۆفیگەری جیهانێکی لق و پۆ دار و بە لێزمەیە، ئەم جیهانە دامەزراوی سەر بینینێکی قوڵ و نادیارە و، لە ڕێی ڕامان وەک ئامرازێک وێنا و تێڕوانینی خۆی پێشکەش دەکات، هەروەها بیر وەگەڕدەخات، بۆ لادانی پەردەکان و ئاشکراکردنی ڕاستی، تاکو عاشق و خۆشەویستی ڕاستی و خودا ئاشکرا و دیار ببڕێت بەرەو نادیار و پەنهان" (عبدالقادر، ٢٠١٧، ٥٢٧). بۆیە

قسەکردن لەسەر چەمکی بینین لە عیرفاندا، پەیوەستە بەو لایەنە بەهێزەی هەست و نەست کە لەچوارچێوەی کۆپێکەوەبییێکی گشتگیر لای سۆفی لە بینینێکی هەمەلایەنەی ورد بۆ بوون و هەبوون هەستیپێدەکرێت، بەجۆرێک ئەم بینینە لە لای سۆفی بۆ بوون سەرچاوەدەگرێت لە هۆشمەندیی ئەو بەجیهانی ئاماژە و هێما و پەیبردنی بە شتە نادیار و واتا پەنهان و شاراوەکان لە ڕێی زمانێکی تایبەتدا، ئەم زمانی قسەکردنە هەڵگری تێڕوانین و بینینی تایبەت بەم پاشخانە عیرفانیەی خودی سۆفیی شاعیر بەگشتی لە نێوان ئەزمونی سۆفیگەریانە و ئەزموونی شیعرییدا، بەجۆرێک هەروەک ڕەخنەگری فەڕەنسی ڕۆلان بارت لە کتێبەکەیدا (چێژی دەق) دەڵێت: " قسە ئامرازێکە بۆ بیر و گوزارشتکردن لێی" (بارت، ١٩٩١، ٦٥). ئەمە بەو واتایە کە دواجار قسە هەڵگری بینین و تێڕوانینە.

ئەم قسەیەش بەرهەمی ڕامان و ڕوانینێکی قوڵە، چونکە "دەقی سۆفیانە دەقێکی پڕە لە ئاماژە و هێما، دەقێکە پشتدەبەستێت بە سرووشێکی پەیوەست بە شارەزایی سۆفی و پەیبردنێکی تێپەڕانەی پڕاوپڕ لە وشەی سۆفیانە، چونکە ئەم گوتاری سۆفیانە، پابەندە بە وێناکردن وەک ئامرازێکی پەیوەندی لای سۆفیی شاعیر" (عبدالقادر، ٣٤/٢٠١٩، ١٥٣). لێرەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە دەقی سۆفیانە، دەقێکی سرووشی و چڕە، هەڵگری واتای فراوان و قووڵە، کە دەکرێت لە ڕێی ڕامانەوە شرۆڤە بکرێت و ئاماژە و هێماکانی شیبکرێنەوە.

## تەوەرەی یەکەم: بینینی ئاوەزی و دڵی لە نێوان هۆش و یادگەدا

هەروەک دەزاندرێت پەیوەندیەکی ئەندامی و بونیادی و کۆڕێکخەرانە لە نێوان یاد و هۆش لەلایەک و، تۆڕی بینین بەگشتی بەدیدەکرێت، بەجۆرێک لەم بوارەدا کۆپەیوەندیەکی هەمەلایەنە هەیە، کە لە هەندێ

پرسدا هاوکار و دەستباری یەکترن و، گەلێک جاریش ڕێگر و کۆسپ و تەگەرە دروست ئەکەن لە ڕێی یەکتردا، ئەوەی لێرەدا مەبەستە، ژینگەی ئەم پەیوەندیەیە کە ژینگەیەکی سۆفی مەشرەب و عیرفانیانەیە، بەشێوەیەک کە دەقی شیعری ڕایەڵەکەی بێت. لەم پێنج خشتەکیەدا شاعیر ئەم ڕایەڵەی نێوان هۆش و یادگە لەبینینی عیرفانیانەیدا دەخاتەڕوو، هەروەک دەڵێت:

**تۆدەزانی بۆچی یادی دولبەری ڕەعنا دەکەم**
**مەیلی بەد نامیمە بۆیێ کاری بێ پەروا دەکەم**
**سەر لەسەر سەودایی تۆو دڵ لەپایی پێیەکەت**
**بۆچمە جانا سەرو دڵ هەردوویان ڕیسوا دەکەم**
**موڵکی میسرم بۆچیە؟ گەر ماهی کەنعانم هەبێ**
**چیم لەبازاڕی زولەیخا یوسفی سەودا دەکەم (صافی، ٢٠٠٤، ١٧٣).**

شاعیر لێرەدا هەوڵدەدات کە لەڕێگای ڕووچوون لە ئەوین و خۆشەویستی بۆ یارەکەی، چاوی یادگەی وەگەر بخات وەک ڕێڕۆنکارێک بیکاتە بەردەبازی چاوی دڵ، بۆیە دەبینین بینینی دڵ لێرەدا؛ یادگە دەکاتە ئاوێنەیەک، تا لە ڕێگایەوە وێنای ئەدگارەکانی دولبەری بکات، هەروەک لەم ڕستنە ئەندێشەییەدا یار وەک وێستگەیەک لە وێستگەکانی پەیبردنێکی گشتگیریانە بۆ خۆشەویستی خودایی وەگەڕ دەخات، ئەمەش لە دواندنی خوێنەر یاخود بیسەر لەم گوتارە شیعریەدا بەباشی نیشاندەدات، لە ڕێی بەکارهێنانی هونەری پرسیارکاریەکی پێشتر وەڵام لەبارەوە زاندراودا، ئەمەش خۆی لە خۆیدا بەستنەوەی هاندەرەکانی بزاوتی هۆشمەندیە لە لای شاعیر، لەوەدا کە دواجار یاری ئەو؛ هەموو شت زانەو، بەئاگاییەوە لێرەدا بینینی دڵی و بینینی ئاوەزی

لەخوانی هۆشمەندیدا لەڕێی گەڕانەوە بۆ یادگە پێکەوە گرێبدات، بەمەش (کورتبینیی دڵی) لە هەمبەری (هەمەبینیی ئاوەزی)دا پیشان دەدات، لەژینگەیەکدا کە سەرگەردانانە تیایدا گوزەر ئەکات و، بەدوای دۆزینەوەی بوونێکی خۆی وەک بەندەیەکی داماو لە دامێنی یاری باڵای خۆیدا، کە مەبەستی خودای خۆیەتی. دەکرێت ئەم ئامادەییەی یادگە و هۆش لە هەلومەرجێکی پێکەوەییدا کاران، "لە کاتێکدا کە یادگەی شیعریش، کە باشلار، ناوی لێناوە یادگەی دینامی، هەتاوەکو باشتر یادگەی شیعری پیشانبدات، کە یادگەیێکی زیندووی پڕ جولەی پێکهاتوو لە ئاوێتەبوونی خەیاڵ و داهێنەر، کە فەرمانەکە بریتیە لە وەبیرهێنانەوەو گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانە لەناوەندێکی ئێستاییدا" (الإمام، ٢٠١٠، ٢٨).

لەم هەنگاوەیدا وادەزانێت، یاخود لە ڕێی ئەم پرسیارکردنەیدا، دەیەوێت وا پیشانبدات کە لەپەنابردن بۆ (دولبەری ڕەعنا)دا، جگە لە کارێکی بێ پەروا هیچیتری نەکردووە، بەڵام ئەگەر ئەمەی لە (بینینی دڵی) دا؛ شتێک نیە بێجگە لەوەی کە هەوڵێکی سەرگەردانانەی بێدەرەتان نەبێت، بۆ دووبارە مشتوماڵکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خۆی و خودادا، بۆیە ئامادەیە لە دواجاردا هەموو شتێک بکاتە قوربانی و خەڵاتی گەیشتن پێی، لێرەدایە هۆش وەک ناوەندێکی باڵا بۆ سەردەستیی (بینینی ئاوەزی) ئەم سەودایییەی بۆ وەڕێدەخات، هەروەک لەم بوارەدا، هۆش لە ڕێی پاشخانی یادگەی مێژوی گێڕانەوەییدا، چیرۆکی یوسف و زولەیخا بە ڕێکاری (لەبری) یەعقووب بوون وەبیر دێنێتەوە. ئەمە ئەوە دەردەخات، کە "پرسیارکردن لە بارەی بوون، خۆی لەخۆیدا جۆرێکە لە بوونی پرسیارکەر لە هەمان کاتدا، لەوەی کە ئەمە هەبوویێکی پرسیارکارە لەبارەی بوونی هەبووەکەدا، بەم شێوەیە دەکرێت بڵێین کە

شیکاریی بوون بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەشیکاریی هەبوون و هەبوو، بەمەش بوون و هەبوون لەم گرێ پرسیاریە شیکاریانەدا بەیەک دەگەن" (بدوي،١٩٨٠، ٨٨). کەواتە ئەم گریمانە پرسیاریانەی شاعیریش جۆرێکە لەگەڕان بەدوای دۆزینەوەی خۆی وەکو هەبوویێک، پەیوەست بە دولبەرەکەی لەبوونە گشتیە ژیریەکەدا. بەڵام لەڕوانگە ڕواڵەتیەکەدا، هەڵوەستەیەکی ئایرۆنیانەی درامی لە بینی ئاوەزی لای شاعیر و خوێنەر پیشاندەدرێت، کە چ سادەیی و شۆخییێکە لەم ڕیگایەدا شاعیر بەشەکەتی ڕێدەکات و هەر ناگات، ئەگەرچی کەسایەتیی خۆی ون کردووە لەپێناویدا. هەروەک، ئەم هەڵوەستەیەش دەبێتە ژینگەی هاتنەکایەی گەلێ پرسیاری تر، کە "ئایرۆنی هاوبەش لەنێوان شاعیرو خوێنەردا دروستدەبێت، کە پێکەوە بیرکردنەوەو پانتاییەکی لەبار بۆ چەندین پرسیاری دیکە خۆشدەکەن" (قەرەنی، ٢٠١٢، ١٨٧).

لە جێگاییێکی دیکەدا؛ سافیی شاعیر هەژموونی هۆش بەسەر هەوەست وێنادەکات، لەوەی دەبێت جۆرە ڕیککەوتنێکی ئامادەیی بۆنەکراو لەنێوانیاندا هەبێت، تاکو هۆش بتوانێت دەستگر و ڕێوازی هەوەست بێت بۆ گەیشتن بە دولبەر، بۆیە (ڕۆژ وشەو) وەک دوو ئاماژەی دیار لەژینگەی خۆشەویستیی سۆفیانەدا دیسان بەڕاشکاوی ئامادەییان دەبێت و، دەبن بە ژینگەی ئەنجامی بۆ ئەم ڕەوشە عیرفانیە شیعریە باڵایە، هەروەها " زۆر هۆکار کاریگەرییان هەیە لەسەر پێگەی گەیینی هۆش لەلای مرۆڤ، کەشێوەی چەند کردەیەک و دامەزراوەیەک کاریگەریی گەورەیان لەسەر گەشەی هۆش هەیە لە ڕێگای زیادکردن و لادانی چەند ڕەفتارێک بۆ مرۆڤ بەدیوە ئەرێنی و نەرێنیەکەیدا" (محمد، ٢٠١٢، ٤١). هەر ئەمەشە وادەکات خود بکەوێتەوە بەر هەژموونی بەرخوردکردنەوەی بیرو تێڕوانینەکانی و، سەر لەنوێ تەتەڵەی هەست

و خولیا و خواستەکانی لەژێر ڕۆشنایی گۆڕانکاریە هۆشمەندیەکاندا بکات، هەروەک شاعیر دەڵێت:

**ڕۆژ لەفیکری عاریضی خۆراکی من خوێنی دڵە**
**شەو بەیادی زولفەکانی نوستنم بێدارییە**

**دڵ نەفامە گەر بڵێ عەقلم بۆ لای لەیلا دەچم**
**هەر بەمەجنوونی دەگا پێی قوڕ بەعەقڵ وهۆشییە** (صافی، ٢٠٠٤، ٢٢٩).

شاعیر سافی لەم دەقەدا هەوڵئەدات عەقڵ و دڵ لەیەک گرێ بدات، ئەم گرێدانەش بنەڕەتەکەی لەبێدەرەتانی و برِنەکردنی دڵ بۆ گەیشتن بە خواستەکەی وەردەچەرخێنێت بۆ باڵادەستکردنی پێگەی (ئاوەز و هۆش)، لە گرتنەبەری ڕێگای دامرکاندنەوەی هەوەستی دڵ و دامەزراویی نەست و ویست ل ەدەقگرتنێکی ژیریانەی ئاوەزیدا، بەجۆرێک وەسفی دڵ ئەکات، بەوەی ئەگەر بێت و وا نیشانبدات کە عاقڵە، بۆ گەیشتن بە لەیلاکەی، ئەوا لە ویستدا شتێکی نەگونجاوە و، هەموو جارێ دەبێت عەقڵ و هۆش لە دامینی خۆشەویستەکەیدا ون ببێت، بەم جۆرە دەکرێت لە نائاگایی ئاوەزیدا و، بەنەمانی هۆش و ژیری ڕەنگە بتوانێت ئامانجەکەی بپێکیت، هەروەک لەم پێشاندانە شیعریەدا، شاعیر بێداری لە شەودا ئەکات بە دایسانێکی دەروونی بێ ئۆقرە، لەسەر بنەمای هەمیشە واگابوونی یادگە، وەختێک سێبەری تاریکیی ڕۆژ ئەکاتە بەربەستی نەبینینی یار و، تامەزرۆیی ئیشراقیانەی دانەمرکاوەشی لە شەودا وێنا ئەکات لە هەژموونی بوونێکی خەیاڵیانەی دولبەر. بە شیوەیەک وا وێنابکرێت، کە "خەیاڵ بەرزەخێک بێت لە نێوانی جیهانی پەی پێبراو و دیار و جیهانی پەنهان و نادیار و شاراوەدا، ئەوا کوێرییش؛ هەروا بەرزەخێکە لە نێوانی بوون و نەبوون

لەلایەک، لەلایەکی تر لە نێوانی واتا ئاماژەییەکان و بەرجەستەکردنیان لەچوارچێوەی گوتارێکی وێنایی شیعریدا" (العطار، ١٩٩١، ٨).
لێرەدا شاعیر دەیەوێت بڵێت: لە عیشقی لەیلاییدا خود هەموو جارێ دەبێت بەهەستێکی لێوانلێو و سەررڕێژ لەخۆشەویستی ئەم ڕێگەیە بگرێتە بەر، خاڵی وەرچەرخانیش لەوەدایە کە عەقڵ و هۆش هەمیشە سەرگەردان و بێدەرەتان دەردەکەوێت، ئەمە ئەگەر بەدیوە مرۆییەکە لێکدانەوە و تێگەیشتنێک بێت بۆ عەشقی لەیلایی، ئەوا بەدیوە خوداییەکەی جۆرێکە لەڕووچوون، ئەم ڕووچوونەش وەک دەستبارێکی بینینی ئاوەز و هۆشە بۆ بینینی دڵ، تاکو لە ڕێگایەوە بتوانێت ویست و ئامانجەکەی بپێکێت، کەواتە دەکرێت بڵێین: بزوێنەر و پاڵنەر و ڕێخۆشکەری بالآیی (بینینی دڵی) لێرەدا سەرچاوەدەگرێت لەهەلرەخساندنی (بینینی ئاوەزی) بۆی، بەشێوەیەک وەک ڕێڕوونکارێک لەدیوە نادیارەکەدا (بینینی دڵی) ئەکاتە (ڕووبین- الشاشة) و هەلی بۆ دەڕەخسێنێت، تاکو لەم هێلکارە نادیارەی ئاوەزدا بەهەژمونی بالآ؛ بالآ بکات و، بۆ پێکانی ئامانج و خواستەکەی؛ کە گەیشتنە بەیار و دولبەر، بەمەستی و دڵسەردەستی هەنگاو بنێت، هەروەک لەمەدا دیسان گرێدانی عیشقی مرۆیی و عیشقی خودایی بە تەواوی پێشاندەدات.
دواجار دەکرێت بڵێین؛ ئەمە جۆرێکە لە وێناکردنێکی ئاوەژکاری (المفارقة التصويرية)، کە وەک بژاردەیەک زۆرێک لە شاعیران پەنای بۆ دەبەن لە دارشتنی دەقەکانیاندا، "ئەم وێناکردنە ئاوەژکاریەش ڕێکارێکی بەرەوڕووکردنەوەی واتا و ئاماژەی جیاواز و پێچەوانەی یەکترن، لە پێناو کۆکردنەوەی هاودژی جۆراوجۆری واتایی و وشەیی، کە بەشێوەیەکی گشتی پاشخانی هەڵچوونە دەروونی و ژیریەکان لە خۆدەگرێت، لە وێنایەکی گشتگیردا" (الجرجاني، ١٩٩١، ٢٧، ٣٠). لە بنەڕەتدا ئەمە ڕێکارێکە سەر بە زانستی داهێنەرە لە ڕەوانبێژیدا، کە لەسەر

بنەمای لێکچواندن و خوازە و بەرابەرکاری و دژیەک و..تاد، ئەمەش لەوەدا دەردەکەوێت کە شاعیر لە زمانی عاشقەوە ئاماژەکانی ئەوە پێشاندەدات کە لە پێناو گەیشتن بەیار ڕێگاییێکی ئاوەزی و عەقڵی دەگرێتەبەر، ئەم ئاماژانەش وەک گوزارشتێکی پەرت و لاڕێ نیشاندەدرێن لەوەی کە دەبێت ڕێکاری ویست و هەوەستی دڵی زاڵتر بێت لای عاشق بۆ گەیشتن یان بەرجەستەکردنی خۆشەویستیەکەی بۆ دولبەر و یار.

**تەوەرەی دووەم: هەست و هەڵوێست وەک پاڵنەری هۆش لە نێوان بینینی ئاوەزی و بینینی دڵدا**

هەست و هەڵوێست، ڕەوش و هەلومەرجی هەر پەیوەندی و هەستان و دانیشتێک دیاریدەکات، بەشێوەیەک ئەم دوانەیە لەژینگەی هۆشمەندیدا ئەگەرە گوفتاری و ڕەفتارییەکانیان دادەڕێژن و لەباری کرداریدا پیشانیان دەدەن، ئەم خستنەڕووەش؛ لەسەر بنچینەی هاوکێشەی نێوان بینینی دڵی و بینینی ئاوەزی وەڕێدەخەن، هەرچی پەیوەندی بە دەقی شیعرییەوە هەیە؛ ئەوەیە کە هەست و سۆز لەڕێگای خەیاڵ و وێناکردن و، هەڵوێستیش لەڕێگای هەڵوەستەی بیری و هزری ڕەوت و جێگەی خۆیان دەگرن، وەک دەزاندرێت پەیوەندیی نێوان جیهانی تەسەوف و جیهانی شیعر دامەزراوی سەر ئەو لایەنە بزر و نادیار و شاراوە و ئاماژەدارەیە کە لە هەردوو جیهانەکەدا هەیە، لە وەی کە سۆفیگەری و شیعر وەک باولەیەکی پڕ نهێنی و شتی شاراوە وان، دەبێت هەوڵبدرێت لە ڕێگای ئاشکراکردنی ئەو واتا و هێما نادیار و شاراوانە بگەینە ئامانج، بۆیە دەکرێت بڵێین؛ کە دەبێت لێرەوە لە بایەخی پەیوەندیی ئەم دوو لایەنە تێبگەین، چونکە "ئەگەر شیعر ئاشکراکردنی جیهانێک بێت کە پێویستی بەم ئاشکراکردنە هەیە؛ ئەوا سۆفیگەریش هەر وایە، ئا لێرە

دایە نهێنیی ئەم پەیوەندیەی نێوانیان دەردەکەوێت" (سلیطین، ٢٠١٣، ٩). ئەگەر تاماشای ئەم پرسە بکەین لە شیعرەکانی سافیدا؛ بە ڕوونی ئەوە دیارە کە لە ڕێی ڕستنێکی عیرفانیانە و سۆفیانەییەوە وەک ڕێکارێک ئەم دوانەیە ئەبن بە پاڵنەری هۆشمەندی، بە جۆرێک پێداچوونەوە و ڕێکخستنەوەی پەیوەندیی نێوان یار و شاعیر لە دەقی شیعریدا جێگا دەگرێت، هەورەوەک لەم دێرە شیعرەدا شاعیر دەڵێت:

**لە لاییێکی جەفای یارو لە جاییێکی بەڵای ئەغیار**

**(تجنب) لازمە (صافی) چ لەم لاوە چ لەولاوە** (صافی، ٢٠٠٤، ٢٣١).

لەم دێرە شیعرەی شاعیردا ئامادەیی بینینی ئاوەزی بە ڕوونی دەردەکەوێت، ئەمەش لە میانەی هاوکێشەیەکی دوولایەنەی ئامانج جیاوازدا، بە شێوەیەک هەڵپەی (بینینی دڵ) لە هەوڵدانێکی بێ پاساو کە دەیەوێت ئامانجەکەی خۆی بپێکێت و، هەست بە سەر هۆش زاڵ بکات، لە لایەکی تر، سەردەستیی هۆشیاری بەهێزتر ڕایەڵەکانی خۆی ڕادەدێرێت، وەک تۆڕێک هاوکێشەکە لە بەرژەوەندی خۆی پاسەدان دەکات، لەمەدا یەکلابوونەوەی باڵادەستی بینینی ئاوەزی بەسەر بینینی دڵی بەباشی دەردەکەوێت، لەوەی کە شاعیر لە نێوان جەفای یار و بەڵای ئەغیاردا دوورەپەرێزی و خۆپارێزی وەک باشترین دراوی بینینی ئاوەزی هەڵدەبژێرێت و دەستبەرداری هەوەست و خواستەکانی دەبێت، هەڵویستی خۆی بەپێی پاڵنەرەکانی هۆش بەلادادەخات، چونکە ناتوانێت چیتر بەرگەی تانە و تەشەری لابەلا و، سەرسەختییەکانی یار بگرێت. پاکیی شاعیر لەوەدایە کە دەستبەرداری هەموو شتێکی لابەلا ببێت، و تێڕوانینی خۆی چڕ بکاتەوە لە وێناکردنی تەنیا هەبوونی یار و دولبەرەکەی لەبوون بەگشتیدا، "دەبێت بەجۆرێک دەستبەرداری هەموو

بوونێکی تر ببێت، تەنیا بەرجەستەی بوونی یاری خۆی بکات" (عەبدوڵڵا، ٢٠٠٨، ٦٧). ئەمە لە هۆشی شاعیردا ئەوە بەلا دادەخات کە دەبێت خۆپارێزییێکی بە ئاگایانە بکات ئەگەرنا ڕەنگە گرفتی بۆ دروست دەبێت، هەروەها دەکرێت بەیەک ماوە هاوسەنگی لە نێوان سەرەڕۆیانەی یارو قسەو قسەڵۆکی ئەغیار دروستبکات، ئەم کارەشی بە سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە هەڵوێستەکانی دەبێت، تا بتوانێت لە هەست و سۆزیدا وردتر ڕەفتار بکات.

ئەم تەوژمەی سەرکۆنەیی و هەڵوێستەی یار بەرامبەر شاعیر درێژە دەکێشێت، بەجۆرێک سەر ئەکێشێت بۆ ئەوەی بە یەکجاری یار پشتی تێبکات، بە جارێ ڕووی بە ڕوویدا دابخات. هەروەک لەم پارچە پێنج خشتەکیەدا هاتووە و، شاعیر دەڵێت:

**لەبۆ یەک مەرحەبایێ چوومە لای یارم بەسەرخۆشی**
**نیقابی خستە ڕوخسار و بەجارێ کەوتە خامۆشی**
**کە وام دی ڕۆیی ئارامی دڵ و سەبر و فەرامۆشی**
**بەهەوری پەرچەم و زوڵفی ڕوخ و ئەبرۆی کە داپۆشی**
**لەشەوقی ڕوئیەتی بەدری هیلالی یەکشەوەی کردین** (صافی، ٢٠٠٤، ٢٩٤).

لەم دیمەنە شیعریەدا بەریەککەوتن لە نێوان هەوەستی شاعیر وەک کەناڵێکی بینینی دڵی و، هەڵوێستی یار وەک کەناڵێکی بینینی ئاوەزی ڕوودەدات، بە جۆرێک لەم کێبڕکێیەدا زاڵبوونی هۆشیاری بەسەر سەرمەستی ڕوونتر دیاردەبێت، بەم هەڵوەستەی یار، عاشق ویست و کەسایەتیەکەی زۆر لاواز ئەبێت، پێیوایە کە بێبەشکراوە لە بینینی ئەو نیگارەی دڵی تێردەکات، بە شێوەیەک لەنێوانی تامەزرۆیی بینین و کەنارگیریدا وەک کەسێکی نامۆ لە گۆڕەپانی دابڕاندا سەرگەردان دەبێت، لێرەدا پاڵنەر و ڕێگرەکانی ماوەی نێوان بینینی دڵی و بینینی

ئــاوەزی له وێنــاکردنی شــیعری لای شــاعیر له میــانەی هەســت و هەڵوێســـت ڕەوت وەردەگرێـــت، دواجـــار شـــاعیر مەشـــرەبی ئەم بەریەککەوتنە ئەگۆڕێت بۆ بوخچەیەکی سۆفیگەریانەی داخراو بەڕووی خـوێنەر له بـاری ڕواڵەتیـدا، بـۆیە بەکـردنەوەی گرێکـانی ئەم بـوخچە سۆفیانەییە بەرامەی واتا عیرفانیە باڵاکان پەرت و پەخش دەبن.
شاعیر درێژە بەم هەڵوێستە عیرفانیەی دەدات، له پێناوی دەربازکردنی سنوری داخراوی خود له هەمبەر بەدیهاێنانی خواستەکەی، هەروەها ناهاوسەنگیە دەروونیەکەی له پەراوێزخرانیدا، بۆ هۆی سەربزێوی و زێدەڕۆیی له هەوەسەکانی دەگێڕێتەوە، بۆ ئەمەش تۆڕی ئەم گوتارە لەپارچەیەکی دیکەی ئەم پێنج خشتەکیە نمایش دەکات و، دەڵێت:

**لەبۆ خوێنڕێژی عوشاقان نیگارم گەرچی بێباکە**
**وەلێ ئەی دڵ له ڕووی ئومێدەوە جارێ تەماشاکە**
**مەڵێ [صافی] زەمان ئاخیر بوو کەس ئیمدادی کەس ناکا**
**دەوایی دەردی دڵ [ناری] له تاهیر بەگ تەمەنناکە**
**بڵێ ئیمڕۆ گوڵ ئەندامێ بەتیرێ جەرگی پەی کردین** (صافی، ٢٠٠٤، ٢٩٥).

له دیمەنێکــی دیــکەدا شــاعیر پەنــا دەبــاتە بەر گوتــاری وازیکردنێکــی بارگاوی بە دراوەکانی بینینی ئاوەزی له ژینگەی داخراوی بینینی دڵیدا، بە شـێوەیەک شـاعیر هـونەری دوانـدن له گوتـارێکی ڕاشـکاوانە، وەک ڕێکـارێکی هۆشمەندئەندێشـەیی بەکاردەهێنێـت، کە له خوددواندنێکـدا دەڵێـت: ئەی سـافی ناکرێـت ئومێـد و هیـوا له دەسـت بـدەیت، وە وا تێبگەیـت له سـەردەمێک دای، کە له دواسـاتەکانی ژیانـدای، ئیـدی کەس ناتوانێـت یارمەتیـدەر و فریادڕەســی کەس بێــت، ئەم گوفتــارەش بە

زمانێکی ڕوون لە نێوان پەیبردنەکانی بینینی دڵی و ئاگاییەکانی بینینی ئاوەزیدا بە باشی دیارە، هەروەک بۆ چارەسەری دەردی دڵ شوێن ڕێنوێنیی شاعیر "ناری" بکەوە، کە ڕوو لە "تایەر بەگ" دەکات بە مەبەستی هاوسەنگکردنەوەی پەیوەندیی نێوان خۆی و یار و ڕاستەڕێکردنی بۆ گەیشتن بە شەوقی دیداری یاری، ئەمەش تەواو نمایشێکی درامیی شانۆیی بالایە لە ڕاڕەوی سۆفیگەری و عیرفاندا. لە ڕاستیدا جیهانی دیار و بەرجەستە وەک بەربەستێک لە نێوان خودی سۆفی و خودی شاعیر لەگەڵ خودادا، بە شێوەیەک ئەم "بەربەستە، وا لە خودی شاعیری سۆفی دەکات کە نەگات بە ئامانجەکەی، هەروەها خۆزگە بخوازێت تا لەم بەربەستە بەرجەستەیە ڕزگاری بێت، هەتا بگاتە ئەوەی لە پێناویدا ڕەوتی وەرگرتووە" (أحمد، ٢٠١٤، ٢٢١). هەر لەبەر ئەمەشە سۆفی یا خود شاعیری سۆفی پەنا بۆ زمانێکی چڕ و پڕ هێما و ئاماژە دەبا کە جیاواز بێت لە زمانی ئاسایی ئافرێندراو بۆ گشت خودێک، چونکە ئەم زمانە گشتیەی کە زمانی گوفتار و ڕەفتاری هەموو کەسێکە، زمانێکی ئاست بەرز نییە، هەتا وەک ئامرازێک بیگەیەنێتە ڕاستەقینە، بۆیە لە ئەزموونی سۆفیدا، "ئەم ئاماژە سۆفیانەییە لە گوزارشتکردن لە ڕاستیەکانی سۆفیگەری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سۆفیەکان هەوڵدەدەن ئەزموونێکی بەرز پەیڕەو بکەن، کە بەزمانی ئاسایی ناکرێت، چونکە زمانی ئاسایی زمانی گوزارشتە لەشتی بەرجەستە و دیار" (عبد، ٢٠١١، ٢٣٤).

ئەم یاریە سۆفیگەریانە، کە سود لە هێما و ئاماژە جیاوازەکانی بوون وەردەگرێت بە شێوەیەکی گشتی، یارییێکی سەرسوڕهێنەرانە و پڕ نهێنیە، بە جۆرێک زۆر جار شاعیری سۆفی مەشرەب پەنا بۆ ئەم ئامرازانە دەبات، هەتاوەکو لە واتای بوون بەگشتی تێبگات، هەروەک ڕەخنەگری کورد ئەحمەدی مەلا دەڵێت: "ئەم یاری ئاوێنەیە لە ئاستی گەردونیش دەکرێت، جوانیی زەمین ڕەنگدانەوەی دونیای باڵا و پەنهانیە" (مەلا، ۲۰۱۳، ۳۳). لێرەدا پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزداری لەسەر بنەمای ڕووچوون لەئەوین دادەمەزرێت، بەشێوەیەک دەبێت "سۆفیی شاعیر کۆشش بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بینین وتێگەیشتنی بۆ ئەم پرسە، لە پێناو دامەزراندنی پەیوەندیەکی پاک وخاوێن لەگەڵ خۆشەویستەکەیدا (خودا)، ئەم پاکی وبێگەردییە دەبێت باڵکێش بێت بەسەر تێڕوانین وڕامانەکانیان، کە ئەمەش لە سۆفی دەخوازێت گیرەکی گیانی وەک ڕێکاری ئەم پەیوەندیە پاکە دروست بکات" (عبدالقادر، ۲۰۱۹/ ۳٤، ۱٥٦). هەر کات مرۆڤی سۆفی توانی ئەم پەیوەندیە لە ڕێگای گیرەکی گیانی دروست بکات؛ ئەوا دەکرێت لەزمانی ئاماژەو هێمای نێوان ئەم دوو جیهانی سۆفیگەری وشیعر تێبگات.

کە ڕێبازی سۆفیانەیان ڕێبازی قەدرییە، لەم ڕێبازەشدا؛ دەروێش و تەکیە ئامادەییێکی باڵا و بەرچاویان هەیە، نەک خانەقا و سۆفی، بەڵام کە دەقە شیعریەکانی سافی دەخوێنیتەوە؛ ئەوەت لەلا ڕوون و ئاشکرا دەبێت کە مەشرەب و ڕێوازی ئەم شاعیرە لە ڕێبازی نەقشبەندی و شێخی ئیشراق (سوهرەوەردی)، بزەی مۆسیقاریی (نای) مەولانای زۆر

نێزیکترە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیر زۆر کاریگەرە بە شیعرەکانی نالی و مەحوی و بێخود و ناری و وەفایی و.. تاد، هەروەها، چونکە سەرچاوەی ئەم شاعیرانە ڕێبازی سۆفیانەی نەقشبەندی و سوورەوەردی و مەولانایيە (جەلالەدینی ڕۆمی، مەولانا خالیدی شارەزووری)، هەروەک بینین و جیهانی ئەمان فراوانتر و بەبوارتر و تێرترە لە عیشق و خۆشەویستی و، ئەو بینینەی ڕێکارێکە بۆ دەربازکردنی دیوی دیاری بوون و هەبوون بەرەو دیوە نادیار و پەنهانەکە، لە پێناو گەیشتن بە خودی خودا و ڕاستی.

## ئەنجام

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا؛ دەگەین بەچەند ئەنجامێک، کە لە چەند خاڵێکدا؛ بەم شێوەیەی خوارەوە دەیانخەینە ڕوو.

١ – بینین لەجیهانی سۆفیانە، پەیوەستە بەهەست و یادێکی عاریفانە و سۆفیانەی باڵا، بەشێوەیەک دەبێت خودی سۆفی بە ئاگاییەوە هەڵسوکەوت بکات، شارەزا بێت لە کەرستە و ڕێکارەکانی ئەم جیهانە، تا بتوانێت دیوی دیاری شتەکان و بوون و هەبوون تێپەڕێنێت، هەتا بگات بەدیوی نادیاریان، ئەمەش پێویستی بە زمان و قسەکردنێکی تایبەتی سۆفیانە هەیە، کە بارگاوییە بە واتای چڕ و پڕی شاراوە و بزر.

٢ – پەیوەندییەکی تۆکمە و ئەندامی، لە نێوان یاد و هۆش هەیە، کە بە شێوەیەکی کۆڕێکخەرانە دەیانبەستێتەوە بەبینین لە جیهانی سۆفیگەریدا، ئەم پەیوەندیە هەمەلایەنەیە هەم هاوکار و هەمیش ڕێگرە لەبەردەم خودی شاعیری سۆفی تاوەکو لە بڕکردن و بڕنەکردنی شتەکان، واتای بوون و هەبوون و ڕاستی هاوسەنگی بۆ بپارێزێت.

٣ – شاعیر سافی، لە ڕێگای یارییێکی سۆفیانەی هۆشمەندانە، بۆ گەیشتن بە ئامانجەکەی، سود لە هێما و ئاماژەی جیاواز وەردەگرێت، هەروەها پەیوەندیی خۆشەویستی و سۆزداری لەسەر بنەمای ڕووچوون لە ئەوینی خودایی دادەمەزرێنێت، بۆ ئەمەش هەوڵی زۆری داوە تاکو بتوانێت هۆشمەندیەکەی بەرزبکاتەوە بۆ ئاستێکی سۆفیانەی بێگەرد، هەتا ڕێی بۆ خۆش بکات کە بگات بەخۆشەویستەکەی(خودا)، بۆ ئەمەش بەڕاڕەوێکی خاوێن و پاک گوزەر دەکات.

٤ – سافیی شاعیر؛ لە هەندێک شوێن هەژموونی هۆش بەسەر هەوەست و هەست لە شیعرەکانیدا بە ڕوونی وێنا دەکات، بە شێوەیەک هۆش وەک دەستگر و ڕێوازێک بۆ هەوەست نمایش دەکات بۆ گەیشتن بە دولبەر و یار.

٥ – یادگە و هۆش، وەک ڕێکارێک لە نێوان بینینی ئاوەزی و بینینی دڵی لە ڕێی شیعرەکانیدا بۆ عەشقی خودایی بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی بتوانێت دڵی دولبەر ڕابگرێت؛ ئەم دوانەیە دەکاتە نیگای بارگاوی بە زمانی سۆفیانە لە پێناو دیتنی یار، و پەیبردن بە واتای بوون و هەبوون و ڕاستی بە شێوەیەکی گشتی، هەروەها پەنا دەباتە بەر دوانەی هەست وهەڵوێستیش وەک پاڵنەر و بزوێنەری هۆش، تاکو هێدمایی و ئارامیی دیتنی خۆی لە نێوان بینینی ئاوەزی و بینینی دڵی بەشێوەیەکی هاوسەنگ پاسەدان بکات.

٦ – شیعرەکانی شاعیر سافی؛ لە ڕووی ڕێبازی سۆفیانە بارگاوین بە ڕێوازو ڕێواری ڕێبازی نەقشبەندی و شێخی ئیشراق(سوهرەوەردی)، هەروەها ئەدگاری مۆسیقاریی (نای) مەولانایی، هەرچەندە لە ڕووی سۆفیگەرییەوە لە بنەماڵەی کاکی هێرانە، کە ڕێبازی سۆفییانەیان ڕێبازی قادرییە، لەوێشدا زاراوەی دەروێش و تەکیە بەکاردێن و باڵان، نەک خانەقا و سۆفی، واتا مەشرەبی سۆفیانەی شیعری سافی مەشرەبێکی قادری نییە، ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاعیر زۆر کاریگەرە بە شیعرەکانی نالی و مەحوی و بێخود و ناری و وەفایی و.. تاد، هەروەها پانتایی و بوار لەڕێبازی ئەم شاعیرانەدا فراوانتر و هەڵڕەخسێنترە، تاکو هەر خودێکی

سۆفیی شاعیر بە ئازادی بتوانێت لە واتای بوون و ڕاستی و هەبوون بگەڕێت، وە کۆشش بکات بۆ گەیشتن بە خودا، لە سەر بنەمای دڵبێگەردی و زمان پاراوی و پاکیی دەروون و هۆشمەندییێکی ژیرانەی ئامانجدار و گرێدراو بە هاوێنەی بینینی ئاوەزی و بینینی دڵی.

٧-گوتاری سۆفیانە گوتارێکی ئاڵۆز و ڕایەڵ فراوان و هەمەلایەنەیە، کە لەسەر بنچینەی دەرکەوتنی باڵایی خودا، ئاماژە و واتای خودایی لە ڕوانگەی تێڕامان و ڕووچوون لە ئەوین بەرجەستە ئەبێت، هەر بۆیەشە دەقی سۆفیانە ئەم واتا و ڕەوشە لەزمانێکی چڕ و پتەو لەخۆدەگرێت.

## لیستی سەرچاوەکان

### یەکەم: سەرچاوە کوردیەکان

1-بوون لە شیعری (مەحوی) دا، د.محەمەد ئەمین عەبدوڵلا، چ١، چاپخانەی تیشک، سلێمانی٢٠٠٨.

2-دیوانی صافی، لێکۆڵینەوەو ساغکردنەوەی: محمدی مەلا مصطفی هیرانی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٤.

3-ڕەخنەی ئایرۆنی لەشیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٥-١٩٧٠)، د.ئەحمەد قەرەنی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٢.

4-مەحوی لەنێوان زاهیرییەت وباتینییەت وسەرچاوەکانی عیشق و وێنەی مەعشووقدا، د.ئەحمەدی مەلا، چ٢، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر ٢٠١٣.

### دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

1- أسرار البلاغة، عبدالقاهر الجرجاني، تح: محمود محمد شاكر، ط١، مطبعة المدني، القاهرة ١٩٩١.

2- الأعمال الصوفية، محمد بن عبدالجبار بن الحسن النفري، راجعها وقدم لها: سعيد الغاتمي، ط١، منشورات الجمل ٢٠٠٧.

3- بنية اللغة الشعرية في ديوان ترجمان الأشواق، أنوار مصطفى أحمد، ج١، ط١، الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة ٢٠١٤.

4- دراسات في الفلسفة الوجودية، د.عبدالرحمن بدوي، ط١، مؤسسة العربية للدراسات والنشر، ١٩٨٠.
5- الدلالة في لغة الصوفية، د.زينة جليل عبد، ط١، مركز البحوث والدراسات الإسلامية، بغداد ٢٠١١.
6- جاستون باشلار- جماليات الصورة، د.غانم الإمام، ط١، التنوير للطباعة والنشر والتوزيع، بيروت ٢٠١٠.
7- الخيال عند محى الدين بن عربى- النظرية والمجالات، د.سليمان العطار، دارالثقافة للنشر والتوزيع، القاهرة ١٩٩١.
8- الشعر والتصوف، د.وفيق سليطين، ط١، دار الحوار للنشر والتوزيع، سورية ٢٠١٣.
9- لذة النص، رولان بارت، ت: منذر عياشي، ط١، مركز الإنماء الحضاري لنشر الكتاب (دار لوسوي)، باريس ١٩٩١.
10- لسان العرب، ابن منظور، مج٥، دار الصادر، بيروت.
11- مشكلة الوعى ووعى المشكلة- قراءة سوسيو ابستمولوجية فى خطاب الوعى المتأزم، د.مازن مرسول محمد، ط١، دار الفارابي، بيروت ٢٠١٢.

## گۆڤارە عەرەبییەکان:

1- تصوير الذات في ديوان الحلاج- دراسة سيميولوجية، بوتان لطيف عبدالقادر، مجلة الفنون والآداب وعلوم اللسانيات والاجتماع، العدد: ٣٤،كلية الامارات للعلوم التربوية والنفسية - الإمارات العربية المتحدة، الكانون الثاني / يناير ٢٠١٩.
2- شعر التصوف بين ابن عربي ومحوي، بوتان لطيف عبدالقادر، مجلة الأستاذ، العدد الخاص بالمؤتمر العلمي الخامس لسنة ٢٠١٧م – ١٤٣٨هـ كلية التربية – ابن رشد للعلوم الإنسانية/ جامعة بغداد، تشرين الأول ٢٠١٧ بغداد.

## خلاصة البحث

## العنوان/ (صافي بين الرؤية العقلية والرؤية القلبية)

إن الشاعر صافي من الشعراء المشهورين في مجال العرفان والتصوف، ونجد في شعره خصائص وتصويرات بارزة من إدراكه لمعرفة الله والاستغراق في عشقه.
نحاول في هذا البحث أن نقف عند الحب الإلهي في شعره من تضاعيف محطتي المعرفية والعرفانية، المختلفتين المرتبطتين معا أيضا، وذلك وفق مبدأ رؤية الشاعر في حالتي الرؤية العقلية والرؤية القلبية. ويتألف هذا البحث من مدخل و محورين اثنين، إذ نوضح في المدخل مفهوم الرؤية في العرفان، وأما المحور الأول؛ فيحتوي الرؤية العقلية و الرؤية القلبية بين الوعي والذاكرة، والمحور الثاني؛ فيتكلم عن الإحساس و الموقف كدافع الوعي بين الرؤية العقلية والرؤية القلبية. وفي الخاتمة سنقدم أهم النتائج التي توصل إليها البحث.
**الكلمات المفتاحية:** (العقل، العرفان، الرؤية، القلب،الوعي، الموقف، الذاكرة، الإحساس، صافي)

## Research summary

## Title/ (Safi between mental vision and heart vision)

Safi is one of the famous poets in the field of mysticism and Sufism، and we find in his poetry prominent characteristics and images of his awareness of knowing God and being immersed in his love.In this research، we try to understand divine love in his poetry through the two different epistemological and mystical stations that are also linked together، according to the principle of the poet's vision in the states of mental vision and vision heart.This research consists of an introduction and two axes. In the introduction، we explain the concept of spirituality in knowledge، and the first axis: It contains the mental vision and the heart vision between awareness and memory، and the second axis; He talks about feeling and attitude as the motive of awareness between mental vision and heart vision. In the conclusion، we will present the results that the research reached.
**Key words:** (Mind، Gratitude، Vision، the heart، Consciousness، position، memory، feeling، Safi)